# ژنێك
# لوستر له ئومێد !

قوبادی جەلی زادە



ژنێک خۆشی دەوێم ..

ژنێک ،

بەژن ، درێژتر لە بەژنی فیراق و

کورت تر لە بەژنی زەردەخەنە !

ژنێک ،

چاو رەشتر لە شکست و

قژ خاوتر لە رووبار!

ژنێک چاورێی من دەکات ..

منێک ،

دەچمەوە سەر رەچەڵەکی پەپوولە ..

کەچی دەبێ ،

بە تیفاقی شەڕەوە رێکەوم !

ژنێک ، خۆشی دەوێم ...

ژنێک ،

دەم ، گەرمتر لە ئاگردانی گوڵ و

دەنگ ، بە جۆشتر لە موزیقای ئاگر !

ژنێک ،

پێکەنین ، ئاڵتر لە گریانی هەنار و

هەناسە ، بۆن خۆشتر لە سەفەر !

ژنێك چاوەڕێی من دەكات ..

منێك ،

لە خوێ ی بیابان تینو تر . ،

كەچی دەبێ

بە رێژنەیەك بارانەوە بچم !

ژنێك خۆشی دەوێم ...

ژنێك ،

قۆڵ ، لووستر لە ئومێدو

پەنجە ، ناسكتر لە خەون !

ژنێك ،

مەمك ، مناڵتر لە چرۆ

بچووك تر سێوی ئادەم !

ژنێك چاوەڕێی من دەكات ..

منێك ،

سەر بە بنەماڵەی شمشێر ..،

كەچی دەبێ

بە دەسكە گوڵەوە رێكەوم !!